# پێکهاتنەکەی پیرمام لەگۆڕنانی دیموکراتییە

ئەمجەد شاکەلی

2004/12/3

هەموو شتەکانی ئەم جیهانە هەریەکەو نێوێکی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەو ڕێسایە تەنێ مرۆڤ و شتە مادییەکان ناگرێتەوە، بەڵکە شتگەلی نامادییش دەگرێتەوە. هەموو چەمک و ئایدیۆلۆژیا و ئایین و فەلسەفە و ڕێبازێکی هزری و هونەری و ئەدەبی، نێوی تایبەتی خۆیان هەیە. تێکەڵکردنی ئەو نێوانە زۆرجاران دەبێتە هۆی تێکدانی تایبەتمەندیی ئەو نێوانە و واتاکانیان و سەرلێشێواندنی خەڵک. کە دیموکراتیخوازێک بڕوای بە دەنگدان و ملانێی حیزبی نەبێت و باسی دیموکراتییش بکات، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەدا: کە مەلایەکی موسوڵمان لەبری بانگدان، بانگاشەی لێدانی زەنگ بکات وەک کڵێسە، یا خواردنەوە حەلاڵ کات، یا کە قەشەیەکی کاتۆلیک فرەژنە حەلاڵ کات، یا کە ڕابینێکی جوو گۆشتی بەراز حەلاڵ کات و ڕێک وەک یەکن. کۆمۆنیستێک ناتوانێت لە یەک کاتدا هەم کۆمۆنیست بێت و هەمیش نازیست یا فاشیست بێت و ناتوانێت هەم کۆمۆنیست بێت و هەمیش لەگەڵ سەرمایەداریدا بێت. ئەنارکیستێک، کە خۆی بە ئەنارکیست بزانێت، ناتوانێت لێنین و ستالینی خۆشبووێت. مەسعوود بارزانی و جەلال تالەبانی و پارتیی و یەکیەتیی ئەمە جاری یەکەمیان نییە، کە یارییەکە دەشێوێنن و کاغەزەکان تێکەڵ دەکەنەوە و سەرلەنوێ تێهەڵدەچنەوە. ئەوان ئەمە جاری یەکەمیان نییە، کە پێکدێن و پێکهاتن مۆردەکەن و دەستدەخەنە نێو دەستی یەکدی و بۆ کامیرا و ڕۆژنامەوانان پێدەکەنن و هەر زۆریش نابات، ئاوڕووی یەکدی دەبەن و یەکدی دادەپلۆسن و خەڵکی هەژاری کورد دەکەنە سووتەمەنیی ناکۆکی و ملانێی خۆیان. خەڵکی کورد زووزوو بە گفت و بەڵێن و بزە و خەندی ئەو سەرکردانە دڵخۆش دەبێت و کەیفساز دەبێت و پێیوایە ئیدی هەرگیز ناتەبایی و ناکۆکی نامێنێت و بەرژەوەندی کورد دەخرێتە سەرووی حیزب و هەموو شتێکی دیکەوە. ئەوان هەر کە پێکدێن و کارێکی هاوبەش دەکەن، ئیدی دەسبەجێ باسی ئەوە دەکەن، کە گوایە لەبەر بەرژەوەندی کورد و بەرژەوەندی نەتەوەیی وەها کارێک دەکەن و ئەوان ئەو بەرژەوەندانە بە سەر حیزب و بەرژەوەندی حیزبدا پێشدەخەن. بەو کارەشیان هەمیشە بڕێک منەتیش بە سەر خەڵکی کورددا دەکەن. ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە دیموکراتی هەبێت، وەک سەرانی کورد بانگاشەی بۆ دەکەن، ئەوا وەها کارێکی، کە ئەوان کردوویانە، پێشێلکردن و دارکاریکردن و سەقەتکردنی دیموکراتییە. لە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانەدا و بە تایبەتیش لە ئەورووپا، کە بۆ خۆی لانکی دیموکراتییە، هەرگیز وەها کارێکی وەک ئەوەی ئەوان بە ناوی دیموکراتییەوە دەیکەن ناکرێت و نەکراوە. دیموکراتی، کە پێچەوانەی دیکتاتۆرییە، دەکاتە هەڵبژاردنی حوکوومەت و دەسەلات لە لایەن خەڵکەوە لە ڕێگەی دەنگدان بە کۆمەڵێک حیزب و دەستەی سیاسیی، کە لە نێوانی خۆیاندا لە سەر چەند جێگەیەکی پەرلەمان ملانێ دەکەن و پاشانیش کێهە حیزب دەنگی لە هەمووان زیاتر بوو، ئەو حوکوومەت دروست دەکات. ئەو حیزبەی فرەترین دەنگ وەدەستبهێنێت، ئەو بەرەندەیە و ئەوانی دیکە دۆڕاو. حیزبی بەرەندە، زۆرترین ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان وەردەگرێت، بۆیە ئەو حوکوومەت دادەمەزرێنێت. جاری وا هەیە، حیزبی بەرەندە هەرچەندە لە هەموو ئەوانی دیکە دەنگی زیاتر

هێناوه، بەڵام هێندەی دەنگ نەهێناوە، یا لە نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی زیاتر وەرنەگرتووه تا بتوانێت بە تەنێ حوکوومەت دروست بکات، ئەوەدەمی ناچار دەبێت، پەنا بباتە بەر پێکهاتن لەگەڵ یەک یا دوو یا زیاتر حیزبی دیکەدا، کە هاتوونەتە نێو پەرلەمانەوە و بەڵێنی چەند پۆستێکی وەزارەتیان دەداتێ و پێکڕا حوکوومەت دادەمەزرێنن. پێکهاتن دوای هەڵبژاردن، بە مەبەستی سازکردنی حوکوومەت دەکرێت. لە کاتی دەنگدان و هەڵبژاردندا هەر حیزبەو بۆ خۆی و سەربەخۆ دەچێتە هەڵبژاردنەوە و هەر حیزبەو بۆ خۆی ڕێکلام دەکات و خەڵک و دەنگ بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە. ئەمەی بارزانی و تاڵەبانی کردیان، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سەرەتاییترین بنەما و بنگەکانی دیموکراتیدا وێکنایەتەوە و ناگونجێت. ئەمەی ئەوان کردوویانە بۆ درێژەدانە بە دەسەڵاتی خۆیان و ڕێگەگرتنە لە لایەنی سێیەم و چوارەم و هێزی دیکەی سیاسیی، کە ئەگەر هەڵبژاردنێکی پاکژ و ڕاست و بێ فرۆفێڵ و بێ تۆقاندن و هەڕەشە و ترس ببێت، دوور نییە ئەمان بدۆڕێن و لایەنی سێیەم و چوارەم بیبەنەوە یا ئەگەر نەیشیبەنەوە ڕەنگە هەر هیچ نەبێت هێندەی یەکێک لەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی ئێستا دەنگ وەدەست بهێنن. ئەمان کە کورسیی پەرلەمانیان دابەشکرد و بۆ هەردوو حیزب وەکیەک 42 بە 42 یان دانا و بە سۆسیالیست و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمۆنیست و تورکمان و کلدان و ئاشووری و... هەریەکەو ئەوەندەیان کورسیی دانێ، ئیدی ئەمە بوو بە شتێکی نادیموکراتی یا دیموکتاتۆری. ئەم کارەی پارتی و یەکیەتیی گاڵتەپێکردن و بێڕێزییە بە دەنگدەران و خەڵکی کورد، چونکە ئەوان دەنگبدەن و دەنگنەدەن پارتی و یەکیەتیی، مەلا نەسرەددین ئاسا، هەر بەرەندەن و هەرامەی خۆیان مسۆگەر کردووە. ئەوان تەمەنی مانەوەی خۆیان وەک دەسەڵاتداری باشووری کوردستان، بۆ ماوەی یەک ساڵی دیکەش درێژکردەوە و مسۆگەر کرد. ئەوان پێش هەر هەڵبژاردن و گەمەیەکی سیاسیی، کە دەیکەن دەبوو هەردوو کارگێڕی و حوکوومەت و دەسەڵاتەکانیان یەکخستبا و دوو لەتی کوردستانیان بکرادەیەتەوە یەک لەت و پاشان وەک هەموو شێوازێکی ئەو دیموکراتانەی ئەم جیهانە و بە گوێرەی قانوونەکانی، هاتبانە مەیدانێ و ئازادانە ڕێگەیان بە تەواوی حیزب و دەستەی سیاسیی نێو کوردستان دابا و ملانێیەکی هاوچەرخانەیان کردبا و ئەوەدەمی گەلی کوردستان کێی هەڵدەبژارد، بلا ئەو ببوایەتە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار. ئەمەی ئەوان دەیکەن دانان و کارپێسپاردنە، ڕێک وەک دانانی هەر کارگێڕێکی دەوڵەتی و فەرمی لە هەر جێیەکی کوردستان. ئەمە نەک هەر دیموکراتی نییە، بەڵکە کوشتن و لەگۆڕنانی دیموکراتییە. من باسی لایەنی پێکهاتنەکەیان، کە پێوەندی بە عیراقەوە هەیە ناکەم، چونکە بڕوام بە عیراق و گرێدانی کوردستان بە عیراق و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە هەڵبژاردن لە عیراقدا و لە لایەن عیراقەوە، هەرگیز نییە. من هەڵبژاردنیشم بەو شێوەیەی کە هەیە، وەک سیستم و شێوەی فەرمانڕەوایی، تەنانەت لە باشترین وڵاتانێکی نموونەی دیموکراتیشدا، هەر پێ فشەیە، چونکە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر لەو جۆرە جڤاکانەشدا هەر هی پارە و سەرمایە و دەوڵەمەندی و پایەی چینایەتییە، بۆیە من بۆ خۆم هەرگیز بڕوام پێی نییە و پێشموانییە لە ساختەکاری بەدەر بێت و پێشموانییە کێشەکانی مرۆڤ بە وەها پینەوپەڕۆیەک چارەسەر بکرێت.

ئەم کاریکاتێرەی خوارەوە، کە لە www.kurdistannet.org ی 2004/12/3 وەرمگرتووە، دەربڕینێکی لەبار و فرەگونجاوە بۆ ئەو موژدە زۆر مێژوویی و گرنگەی سەرانی کورد، ڕۆژی 2004/11/29 لە پیرمام بە کوردیان دا.


مژده ئه‌ده‌ین به‌خه‌ڵكی
كوردستان كه‌ ڕێكه‌وتنێكی مێژوویمان كرد
دیموكراسی
kawa